هەڵوەستەیەك لەسەر وتەكانی م. ئاراس

خوێندكارێك

لەژمارە(٢/١) رۆژنامەی (لێدواندا)، بابەتێكم خوێندەوە، بە ناونیشانی (بەداخەوە زۆرێك لەخوێندكارانی زانكۆو پەیمانگاكان نارۆشنبیرترین كەسی ناوكۆمەڵگای ئێمە بن)، بەڕاستی توشی شۆك بووم، كە ئەم بابەتەم خوێندەوەو ناچاربووم پێنوسەكەم هەڵگرمو وەڵامی هەندێك لەو توانجو نوسینانەی بدەمەوە، كە بە خوێندكارانی پەیمانگای مامۆستایانی رانیەی وتون،

وەك م. ئاراس خۆی دەڵێ (كە جام پڕبوو لێی دەڕژێ) بە وتەی خۆی كۆمەڵێ بەڵگەی نوسیوە، بۆیە بەئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم، وەڵامی ئەو وتانەی بدەمەوە، كە ئەو ناوی دەنێت بەڵگەو م.ئاراس باسی نارۆشنبیری خوێنكاران دەكات لە زانكۆو پەیمانگاكان، نازانم بەكام پێوەر، رۆشنبیر دیاری دەكات، ناشزانم رۆشنبیری لای م. ئاراس چی یە؟

م. ئاراس خۆی بەدوور گرتووە لەوچوارچێوە رۆشنبیریەی كەخۆی باسی دەكات، وەك ئەوە وایە كەئەو لەهەسارەیەكی ترەوە هاتبێتە سەر زەوی، یان بو نوسینەكەی بێت وەكو ئەوە وایە كە ئەو خوێندكاری سوقراتو ئەفلاتونو چارلسو داروین بێت، م. ئاراس هەموو خوێندكاران بە رەشو سپی دەخاتە بەر نوكی قەڵەمەكەیو هەمویان بە نارۆشنبیر لە قەڵەم دەدات، من دەپرسم ئایا م. ئاراس لە سەرتاسەری كوردستاندا لە هەموو زانكۆو پەیمانگاكان توێژینەوەیەكی كردووە لەسەر ئەم بابەتە؟ تا ئەم راستیە بسەلێنێ؟ یاخود هەر قسەیەو لەگیرفانی خۆی دەریدەهێنێ؟ چونكە لەهیچ شوێنێكی دونیا شتی وا نیە بەبێ بەڵگەو توێژینەوە، ناوەندێكی زانستیو مەعریفی زەرەبی سفر بكرێت، پێم باشە نوسینەكەم بەو ئاراستەیەدا بروات كە تەنها وەڵام بێت بۆ بابەتەكەی، ئەگینا زۆری تر هەڵدەگرێ، كە لە سەری بنوسم.

م. ئاراس باسی راپرسیەك دەكات كە لە سەر (٩٠٠) خوێندكاری پەیمانگا ئەنجامی دابێت، لەبارەی خوێندنەوەی كتێب لە پشووی نیوەی ساڵدا، من خوێندكاری پەیمانگام، تەحەدا دەكەم كە هیچ راپرسیەك لەسەر ئەم بابەتە لە پەیمانگادا نەكراوەو هیچ خوێندكارێكیش ئەم راپرسیەی نەدیوە، خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیەش دەتوانن سەردانی پەیمانگا بكەن، رەنگە م. ئاراس لە خەیاڵی خۆیدا ئەم راپرسیەی ئەنجام دابێت.

ئاراس درێژە بە نوسینەكەی دەداتو دەڵێ خوێندكارانی پەیمانگا زوربەی كاتەكانیان بە مۆبایل بە سەر دەبەن، هەروەها دەڵێ مۆبایلەكانیان لەسەر هەززەیەو لە وانەكانیاندا وەڵامی نامە دەدەنەوە، پێم سەیرە بۆ لەخۆی ناپرسێ ساڵی پار چەند جار لەناو دەرسدا جەرەسی بۆ هاتوە، تەنانەت مۆبایلەكەشی نەخستۆتە سەر هەززەو هەندێك وەڵامی پەیوەندیشی داوەتەوە، ئەگەر خوێندكارانیش لە دەرسەكەی ئەودا خەریك بووبن، ئەوا لاوازی خودی م. ئاراس خۆیەتی، ئەو بۆشاییەی داوە بە خوێندكاران، تا خەریكی شتێكی تر بن، ئەگینا بۆ لەدەرسی مامۆستاكانی تردا شتی وا رووی نەداوە.

پاشان دێتە سەر باسی لاوازی خوێندكارانی پەیمانگای مامۆستایانی رانیەو دەڵێت (بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبون سیمینار ئامادە بكەن، هەزارو یەك شێرو رێویت بۆ دێننەوە)، من دەپرسم لە م. ئاراس چەندەمین وانەی بوو، خوێندكاران سیمیناریان ئامادە كرد؟ خۆ هەر لە سەرەتاوە هەتا كۆتایی جگە لە سیمیناری خوێندكاران كە خۆیان ئامادەیان كردبوو، هیچ شتێكی ترمان نەخوێند، هەر هەمان سیمیناری خوێندكارانیش بوو كرایە پرۆگرامی تاقیكردنەوەكانی خوێندكاران، ئەی بۆ باسی ئەوە ناكات كە لەهەر گروپێك نزیكەی (٤٠) سیمینار كراوە، لە هەردوو وانەی مێژووی كوردو مێژووی ئیسلام، ئاراس لە نوسینەكەیدا دەڵێت خۆشم سیمینارم بۆ ئامادە كردون، دیارە م. ئاراس كاتی زۆر بووە بۆ ئامادەكردنی ئەو هەموو سیمینارە، ئاخر بەشی كۆمەڵایەتی چوار گروپ بووە، هەر گروپێك نزیكەی (٤٠) خوێندكاری تێدا بووە، زوربەشیان سیمیناریان كردووە، نازانم چۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات، ئەو شتەی ئەو نەیكردووە، بیكاتە مولكی خۆی، من یەكێكم لەو خوێندكارانەی پەیمانگا كە سیمینارم كرد، تاكە وشەیەكم لە م. ئاراس وەرنەگرتوە، هەروەها لە نوسینەكەیدا باس لەوە دەكات كە (خوێندكاران بەترس و لەرزو شەرمەوە سیمیناریان كردووە)، پێم وانیە بەم شێوەیە بێت كە باسی دەكات، دەكرێت هەندێكیان شەرمیان كردبێت، ئەمە نابێتە رەخنە، چونكە ئەمە یەكەم ئەزمونیان بووە، وەڵێ م. ئاراس بیری چووە، كە ئەوان هێشتا خوێندكارنو لە چوارچێوەی پەروەردەیی دان، بە پلەی یەكەم لە ئەستۆی مامۆستایە كە هانیان بدات، نەك توانجیان تێبگرێو بیان روخێنێ، پێم وایە لاوازیو نارۆشنبیری مامۆستایە كە نەوەیەك بەرهەم دێنێت، كەپێی دەوترێت نارۆشنبیر، بۆیە وا باشتر بوو بابەتەكەت لەسەر نارۆشنبیرو لاوازی مامۆستایان بوایە، چونكە ئەوان سەرچاوەی رۆشنبیری خوێندكارن، هەروەها بە شانازیەوە باس لەوە دەكات كە لە پرسیارەكانیدا نوسیویەتی (صەلاحەددینی ئەییوبی پێش ئەوەی بمرێ، ئامۆژگاری شێخ مەحمودی كردووە كە دژی ئینگلیز شەر بكات)، ئەو دەڵێت هیچ خوێندكارێك پێی نەوتوم بۆ وات وت؟ ئاخر كاك ئاراس ئەگەر لەكاتی وانەكەتدا بە باشی ئەمەت شی كردبایەوە، پێت وتبان صەلاحەددینی ئەییوبی كێیەو لەكوێ بووەو لە چ سەردەمێكدا بووە، رەنگە توشی ئەم بێ هەڵوێستیەی خوێندكاران نەبووبای، هەر چەندە نەشتنووسیوە لە چ شوێنێك ئەم پرسیارەت بۆ خوێندكاران هێناوەتەوە، هەروەها دەڵێم ئەوەی مامۆستا ئاراس نوسیویەتی جگە لە چەند رستەیەكی سادەو جگە لە دەردەڵكردنی خۆی، هیچ شتێكی تر نیە، دوورە لە رەخنەو زانستی پەروەردەیی، چونكە چەندین قسەی بێ سوودی نوسیوە، چەندین رستەی تاوانباركردنی بە خوێندكارانی زانكۆو پەیمانگاكان نوسیوە، بەبروای ئەو خاڵی بوون لە رۆشنبیری، ئەی م. ئاراس رۆشنبیری كوا؟ ئەگەر لەوێ نەبێت؟ ئەی م. ئاراس بۆ چارەسەرت بۆ ئەم بابەتە نەدۆزیوەتەوە؟

لە بەشێكی تری نوسینەكەی م. ئاراس باسی بێئاگایی خوێندكار دەكات لەناو پۆلدا، بەڵام بە داخەوە خۆی زۆر جار بێئاگا بووە لەو وانەیەی باسی لێوە كردووە، با گلەیی لەخوێندكاران نەكات، لە بەشێكی تری نوسینەكەی ئاراسدا باسی ئەوە دەكات كە خوێندكاران لەكاتی خوێندنی وانەدا، چاویان هەر لە كاتژمێرەكەیە بۆ تەواوبوونی كاتی وانەكە، بەڵام ئەوە دەڵێم بۆچی هەمان ئەو خوێندكارانەی كە ئەو مەبەستیەتی لەوانەی مامۆستاكانی تردا بەم شێوەیە خۆی وتەنی بە پەلە نین، كە ئەمەش خۆی باش دەزانێت، هەروەها چاك بوو بیری هێنامەوە سەبارەت بە تێپەڕبوونی (١٠-١٥) خولەك لەكاتی ئاسایی وانەكە، خوێندكاران و مەبەستی ئەو بەتایبەت كچەكانە، دوا دەكەون، بەهۆی پیاسەكردن و قسەكردن و بێئاگایی، بەڵام من ئەوە دەڵێم ئاراس لەكاتی چونی بۆ هۆڵی وانەكان، بەهۆی ئەوەی ڕاوەوەكانی بەپیاسە دەبری، زۆر جار لە (٥) خولەك زیاتری پێویست بوو، تا بگاتە هۆڵ، هەروەها لە بەشێكی تردا باسی دەستبرینی كچان و بوونی پەیوەندی سۆزداری دەكات، (لێدوان بەهۆی بوونی تەشهیر، ئەم پەرەگرافە دەپچڕێنێت).

لەكۆتاییدا بە ئاراس دەڵێم با پەیمانگایەك یان زانكۆیەك بكاتەوە، سەرەتا خۆی دەرسی رۆشنبیری بخوێنێ و لە دەریای رۆشنبیری كەمێك هەڵێنجێ و خزمەتی خوێندكارانی پێ بكات، هیوادارم ئاراس پێشەنگی مامۆستاو خوێندكاران بێت بۆ خۆ رۆشنبیركردن و لەخۆیەوە دەست پێبكات.

ڕاپۆرتە هەواڵێكی وێنەیی

ئەوكاتەی وێنەكان لێدوان دەدەن

شوێن/ سەر رێگای سەركەپكان نزیك گەرەكی ئازادی
بۆنی زبڵ دەگاتە ماڵەكان

رێگای رانیە-چوارقورنە
منداڵێك لەناو دەبەی بەنزیندا بەدوای ناندا دەگەڕێت



شوێن/ سەرپردی دوكان
بابەت/ گرتنی شەقام بە شێوەی سەرپێچی مەدەنی

چوارقورنە/ دوور لەچاوی كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز
پیاوێك قژ بۆ درەختەكان چاك دەكات

شوێن/ رێگای حاجیاوا- سەروچاوە
بابەت/گرتنی شەقام بەئاگر